**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق

بەرگی (2) - ژمارە (3)، جۆزەردان 2017

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پاراستنی بەکاربەر لە بازرگانی ئەلیکترۆنیدا

# (توێژینەوەیەکی بەراووردکاریە)

**م.ی. علی طه اکرم**

زانکۆی لوبنانی فەرەنسی

**زانیاری توێژینەوەکە**

**وەرگرتن : ٢٠١٧/٤/٤**

**پەسەندکردن: ٢٠١٧/٥/١**

**بڵاوکردنەوە: ٢٠١٧/٦/١٥**

DOI: 10.25212/lfu.qzj.2.3.01

**وشە سەرەکیەکان**

*Consumer , protection, E-Commerce , UNCITRAL model law.*

## پـوخـتـە:

**ئەم توێژینەوەی کە توێژینەیوەیەکی بەراورد کاریە دەربارەی پاراستنی بەکاربەر لە بازرگانی ئەلیکترۆنیدا، کە تێدا تیشك دەخەینە سەر پێویستی بوونی یاسایەك دەربارەی پاراستنی بەکاربەر لەم جۆرە بازرگانیەدا ئەویش بە هۆی پێشکەوتنی جیهانی لەم بوارەدا لە رۆژگاری ئەمرۆماندا، هەروەها بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو ئینتەرنێت کە بوەتە هۆی ئەوەی بەکاربەر زیاتر پەنا ببەنە بەر ئەم جۆرە بازرگانیە.**

**ئەم توێژینەوە پێك دێت لە دوو بەش:**

**بەشی یەکەم: تێدا هەوڵی ناساندنی بازرگانی ئەلیکترۆنی دەدەین پاشان لایەنی باشی و خەراپی ئەم جۆرە بازرگانیە دەخەینە ڕوو، و باسی جۆرەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی لەگەڵ ئەو کێشانەی کە ڕوو بەڕووی ئەو جۆرە بازرگانیە دەبنەوە دەکەین و سروشتی یاسایەکەی دەخەینەڕوو.**

**بەشی دووەم: تیشك دەخاتە سەر پاراستنی یاسایی بەکاربەر لە بازرکانی ئەلیکترۆنیدا، کە تێدا بەراورد لە نێوان چەند یاسایەك دەکەین وەك ئەنسیترالْ دەربارەی بازرگانی ئەلیکترۆنی پاشان دێنە سەر یاسای ئەوروپی و یاسایی عێراقی هەڵوێستی یاسادانەر ڕوون دەکەینەوە لە بارەیانەوە.**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (3)، جۆزەردان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**یەکەم: دەروازەیەك بۆ بابەتی توێژینەوە**

پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بوویتە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەمان بە جۆرێك زۆربەی هەرە زۆری خەلکی سەرقاڵن بە بەکارهێنانی، بۆیە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بوویتە کارێکی ڕۆژانە خەڵکانێك هەن هەوڵدەدەن زۆربەی کارەکانیان لە ڕیگای ئەنتەرنێت و ئامێرە ئەلیکترۆنیەکانەوە ئەنجام بدەن بەهۆی ئاسانی بەکارهێنانی و گەرانەوەی کات، بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا بە هۆی جیهانگیریەوە جیهان هەمووی ئاگاداری ئەو پێشکەوتنانەن کە ڕۆژانە لە بواری تەکنەلۆجیاوە ڕوودەدەن. بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاش بۆ مەبەستی بازرگانی لە دونیای ئێستادا خەریکە ڕوو لە فرەوانبوون دەکات، بێ گومان لە بازرگانیدا پێویستیمان بە کۆمەلێك بەلگە دەبێت بۆ سەلماندنی لە بواری ئەلیکترۆنیشدا هەمان ئەو بەڵگانە هەن کە دەستەبەردەبن لە ڕێگای (ئینتەرنێت ، کۆمپیوتەر، بوونی واژووی ئەلیکترۆنی ....هتد).

بۆیە ئەوەی لێرەدا گرینگە ئێمە لە کاتی سەرهەڵدانی کێشە چۆن ئەو بەڵگانە بتوانین بخەینە ڕوو و بیانسەلمێنین و بەکاربەر بپارێزین لە هەر ڕووبەڕوو بونەوەیەکی نایاسایانە. گرینگی بازرگانی ئەلیکترۆنی بۆ بازرگانان و خەڵکی ئاسایی و دەسەڵاتیش بوویتە هۆی ئەوەی کە یاسادانەر لە زۆربەی وولاتان پەنا ببەنە بەر ڕێکخستنی و یاسای تایبەتی بۆ دابڕێژن. بۆیە بوونی گرەنتی یاسایی بۆ بەکاربەر و فرۆشیار وادەکات زیاتر کارەکان ئاسان بێت، چونکە بە بەڵێندان بە یەکتری کە لەداهاتوودا تووشی کێشە نابن لەوانەیە کێشەکان چارە نەبن و لە داهاتوودا متمانە نەهێڵێت لە نێوان لایەنەکان و ببێتە هۆی دروست بوونی ترس و دڵە ڕاوکێ لە لایەن فرۆشیاران یان بەکاربەران بۆ پەنابردنە بەر ئەو جۆرە بازرگانیە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین لایەنی بەهێز و لاوازی بازرگانی ئەلیکترۆنی بخەینە ڕوو و بەراوردی یاسای عێراقی بکەین لەگەڵ یاسا هەرە پێش کەوتووەکانی جیهان وەك یاسای ئەنسیترالْ کە یاسایەکی نێودەولەتیە و یاسای ئەوروپی کە یەکێکە لە یاسا هەرە پێشکەوتووەکانی جیهان سەبارەت بە بازرگانی ئەلیکترۆنی، بۆ ئەوەی کەم و کوریەکانی یاسای عێراقیمان بۆ بەدیار بکەوێت بتوانین لە داهاتوودا ئەم کەم و کوریە یاساییانە پڕ بکەینەوە و ڕێگا چارەی پێویست دەخەینە ڕوو بۆ نەهێشتنی کەم و کوریە یاساییەکان.

**دووەم: گرنگی توێژینەوە**

پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا بوویتە هۆکارێك لە ڕۆژگاری ئەورۆماندا بۆ بەرەو پێش چوونی ئابووری وولاتان و کرانەوەی ئابووری وڵات بەڕووی دەرەوەدا، ئەوەش گرنگی زۆری هەیە بۆ زیادبوونی پێشبرکێ لە نێوان ووڵاتان یان بازرگانان بۆ زیادکردنی بەرهەم و داهاتەکانیان لە ڕێگای بازرگانی ئەلیکترۆنی ئەویش بە پێدانی زانیاری پێویست بە کریار یان بەکاربەر لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە کە زانیاریەکان بەشی ئەوە بکات بەکاربەر بتوانێت سودی لێببینێت. بۆیە گرینگی توێژینەوەکە لەوەدا دەبینمەوە کە بتوانێت هانی بازرگانانی ووڵاتەکەم بدەم لە ڕێگای ئەلیکترۆنیەوە بتوانن بازرگانی بکەن

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (3)، جۆزەردان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و کات بۆ خۆیان بگیرنەوە لەبری ئەوە بەر هەمەکانیان زیاد بکەنەوە بکرێنەوە بەڕووی دونیای دەرەوەدا ئەمە لەلایەکدا، لەلایەکی تریش ئەم توێژینەوەیە بتوانێت بەرچاو ڕوونیەك بێت بۆ بەکاربەر بۆ ئەوەی شارەزای مافەکانی خۆی بێت لە کاتی پەنا بردن بۆ بازرگانی ئەلیکترۆنی.

## سێیەم: ئامانجی توێژینەوە

هەر پێشکەوتنێك لە بواری تەکنەلۆجیادا دەبێت چوارچیوەیەکی یاسایی بۆ دابنرێ بۆ رێکخستنی. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات دیاردەی بەرفرەوان بوونی بارزگانی ئەلیکترۆنی لە جیهانی ئەمرۆماندا بخاتە ڕوو بەتایبەتی لە ئێستادا لە بواری نێودەوڵەتیدا بە شێوەیەکی بەرچاو هەوڵدەدرێت پشت بە بازرگانی ئەلیکترۆنی ببەسترێت وە هەموو ئەو بەربەستانەی کە دەبنە رێگر یان کۆسپ لەبەردەم ئەم جۆرە بازرگانیە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەولێکی باشە بۆ ناساندن و لێکۆلینەوە لە بابەتێکی هێندە جێگای بایەخ لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا.

## چوارەم: کێشەی توێژینەوە

بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا لە دونیای ئێستادا زۆر ڕووی لە فەرەوان بوون کردووە بەڵام تاوەکو ئێستا هەندێك وولات هەیە کاروباری بازرگانی لە رێگای ئەلیکترۆنی رێك نەخستووە، بۆیە کە کێشە دروست دەبێت ڕوو بەڕووی قەیرانی بێ یاسایی دەبێتەوە، ئەمە لە لایەك لەلایەکی ترەوە هەندێك لەو یاسایانەی باسی بازرگانی ئەلیکترۆنیان کردووە بەڵام لە یاساکەدا کەم و کوری هەیە بۆ نمونە سزای دیاری نەکردووە یان هەندێك بابەتی رێك نەخستووە لەبەر ئەوەی تەکنەلۆجیا بەردەوام بەرەو پێش دەچێت بۆیە پێویستە ئەو یاسایانەش گۆرانکارییان تێدا بکرێت بۆنمونە ئەگەر بێت و سەیری یاسای عێراقی بکەین لە بابەتی بازرگانی ئەلیکترۆنی بەئاسانی کەم و کورتی تێدا بەدی دەکرێت بۆنمونە یاسای عێراقی یاسای پێویست بە جێ بەجێکردنی دیاری نەکردووە بە شێوەیەکی گونجا و ڕوون لە کاتی بوونی ململانێ لە بابەتی بازرگانی ئەلیکترۆنی ئەگەر بێت و لایەنێك بیانی بێت باشە لێرەدا چ یاسایەك دەبێتە یاسای جێبەجێکار؟، وە ئەو پرسیارەی کە بەردەوام دەکرێت چ بکرێت باشە بۆ ئەوەی هانی هاوڵاتیان بدرێت پەنا بۆ ئەم جۆرە بازرگانیە ببەن؟

## پێنچەم: پلانی توێژنەوە

توێژینەوە لە دووبەش پێك دێت:

بەشی یەکەم بریتی دەبێت لە ناساندنی بابەتی بازرگانی ئەلیکترۆنی بە شێوەیەکی گشتی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (3)، جۆزەردان 2017
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەشی دووەمی توێژینەوەکەماندا باسی پاراستنی یاسایی بەکاربەر لە بازرگانی ئەلیکترۆنیدا دەکەین لە هەرسێ یاساکانی ئەنسیتراڵ و یاسای ئەوروپی و یاسای عێراقی.

## بەشی یەکەم

## ناساندنی بازرگانی ئەلیکترۆنی

### 1-1 پێناسەی بازرگانی ئەلیکترۆنی:

بازرگانی ئەلیکترۆنی پێناسەی زۆری بۆ کراوە بۆیە پێناسەیەکی گشتی نیە لەسەر ئاستی جیهان بۆ بازرگانی ئەلیکترۆنی، بازرگانی ئەلیکترۆنی بە چەندین واتا دێت بۆ نمونە بە واتای بەکارهێنانی ئینتەرنێت (web) کە چەندین چالاکی بازرگانی دەگرێتەوە وەك بازرگانی کردن لەگەل بازرگانانی تر یان چالاکیەکانی کۆمپانیاکان بۆ فرۆشتن یان کرینی کەلو پەل و خزمەتگوزاریەکان بۆیە یەکێك لەو پێناسانەی کە بۆ بازرگانی ئەلیکترۆنی دەکرێت: بریتیە لە ئەنجامدانی بازرگانی لە ڕێگای ئەنتەرنێت و تەکنەلۆجیا، بۆ گۆرینەوەی زانیاریەکان لە رێگای ئەلیکترۆنی بەبێ ئەوەی پەنا ببردرێتە بەر ڕێگای نوسراوە کاغزیەکان. ئەگەر بێت و سەیری مادده (2) لە یاسای انستر ال بکەین دەربارەی بازرگانی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی فرەوان بەم دەستەواژانە پێناسەی بازرگانی ئەلیکترۆنی دەکات (زانیاری نامە، ئاڵوگۆرکردنی زانیاری ئەلیکترۆنی)، زانیاری نامە بریتیە لە زانیاری دروست کراو یان نێردراو یان وەرگیراو یان پارێزراو بە رێگای ئەلیکترۆنی یان هەر ڕێگایەکی تری وەك ئەو کە ناکرێت حصر بکرێت وەك ئاڵوگۆری زانیاری لە ڕێگای ئەلیکترۆنی وەك ئیمێل، فاکس...ت.د، ئاڵوگۆرکردنی زانیاری ئەلیکترۆنی: واتە گواستنەوەی زانیاری ئەلیکترۆنی لە کۆمپیوتەرێك بۆ یەکەکی تر.

بەڵام ئەو پێناسەیەی کە رێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی لە کۆنفرانسی وەزیرانی ( ministerial conference) بۆ بازرگانی ئەلیکترۆنی کردوویەتی لە بەهاری 1998 و ئەنجومەنی گشتی پشتی پێبەستووە پێناسەیەکی رێکترو گشتگیرترە کە بەم شێوەیە پێناسەی بازرگانی ئەلیکترۆنی دەکات ( بریتیە لە چاڵاکی بەرهەمهێنانی شت و مەك و خزمەتگوزاری و دابەشکردنیان و بەبازارکردنیان و فرۆشتنیان و گەیاندنیان بە کریار لە ڕێگای ئامرازی ئەلیکترۆنی) ئەگەر سەیری یاسای کاروباری ئەلیکترۆنی و واژووی ئەلیکترۆنی عێراقی ژمارە (78)ی ساڵی 2012 بکەین دەبینین بە بەراورد لەگەڵ یاساکانی تری پێشووی عێراقی پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە هەستاوە بە رێکخستنی کاروبارەکانی گرێبەستی ئەلیکترۆنی لەو چوارچێوەیەشدا بواری بۆ ئەنجامدانی بازرگانی ئەلیکترۆنی خۆش کردووە. هەروەکو لە مادده یەك هاتووە بە هەمان شێوەی یاسای انستر ال پیناسەی چەند دەستەواژەیەکی کردووە کە پەیوەندیدارن بە گرێبەستی ئەلیکترۆنی و کاروباری ئەلیکترۆنی کە بازرگانی ئەلیکترۆنیش دەکەوێتە ئەو چوار چێوەیە کە بە شێوەیەکی فراوانتر یاسادانەری عێراقی پێناسەی ئەو دەستەواژانەی کردووە هەوڵی داوە چەند دەستەواژەیەکی نوێش بەکار بهێنێت کە لە انستر ال ئاماژەی پێنەکراوە وەك نوسینی

ئەلیکترۆنی و بەڵگەی ئەلیکترۆنی، پێدەچێت یاسا دانەری عێراقی سودی لە چەند یاسایەکی پێشکەوتوو وەرگرتبێت ئەگەر سەیر بکەین یاسا دانەری عێراقی لە مادده (1)دا لە یاسای واژووی ئەلیکترۆنی و کاروباری ئەلیکترۆنی ژمارە (78)ی ساڵی (2012) بەم شێوەیە پێناسەی هەریەکە لە (کاروباری ئەلیکترۆنی، گرێبەستی ئەلیکترۆنی، زانیاری ئەلیکترۆنی) کردووە:

کاروباری ئەلیکترۆنی: (بریتیە لە داخواست و بەڵگەنامەکان و ئەو کاروبارانەی کە لە ڕێگای ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدرێن). ئەگەر سەیری بکەین لێرەدا یاسادانەری عێراقی هەوڵی داوە چوارچێوەی کاروباری ئەلیکترۆنی فرەوان بکات بە جۆرێك هەموو کارێك کە بە ڕێگای ئەلیکترۆنی ئەنجام بدرێت بێ گومان بازرگانی ئەلیکترۆنیش دەچێتە چوار چێوەی ئەو کاروبارانە، کەواتە یاسا دانەری عێراقی بازرگانی ئەلیکترۆنی ڕێکخستووە لە یاسا نوێکەیدا.

گرێبەستی ئەلیکترۆنی: (بریتیە لە بەیەکگەیشتنی ئیجابی دەرچوو لەیەکێك لە لایەنەکانی گرێبەست بە قبولی لایەنی بەرامبەر لە ڕێگای ئامرازی ئەلیکترۆنی). کەواتە هەمان شت بۆ بازرگانی ئەلیکترۆنی دێتە دی بێ گومان هەموو بازرگانیەك سەرەتا لە ڕێگای ئەنجامدانی گرێبەستەوە دەبێت بۆیە بازرگانی ئەلیکترۆنیش ئەنجامدانی گرێبەستە بەڵام لە ڕێگای ئەلیکترۆنیەوە ئەنجام دەدرێت بۆیە پێویستە لایەنەکان بەردەوام بیر لەوە بکەنەوە کە بەڵگەیان بە دەستەوە بێت کە بوونی گرێبەستەکە لەنێوانیاندا بسەلمێنێت.

زانیاری ئەلیکترۆنی: (بریتیە لە هەموو زانیاریەك و دەقێك و وێنەیەك یان شێوەیەك یان دەنگ و نیشانە یان هەرشتێك کە بتوانرێت بنێردرێت و بپارێزرێت یان لێکبدرێت و وەربگیرێت بە ڕێگای ئەلیکترۆنی). ئەگەر سەیر بکرێت یاسادانەری عێراقی هەوڵی داوە تا ڕادەیەك حصری زانیاری ئەلیکترۆنی بکات ئەویش بە ناوهێنانی ئامرازەکان بە پێچەوانەی یاسایی انسترال کە دەڵێت زانیاری ئەلیکترۆنی : بریتیە لە زانیاری دروست کراو یان نێردراو یان وەرگیراو یان پارێزراو بە ڕێگای ئەلیکترۆنی یان هەر ڕێگایەکی تری وەك ئەو کە ناکرێت حصر بکرێت وەك ئاڵوگۆری زانیاری لە ڕێگای ئەلیکترۆنی وەك ئیمێل، فاکس...ت.د.

پێش دەرچوونی یاسای کاروباری ئەلیکترۆنی عێراقی ساڵی 2012 هیچ یاسایەك نەبوو لە عێراق بازرگانی ئەلیکترۆنی ڕێکبخات هەرچەندە لەیاسای شارستانی عێراقی بە ناراستەوخۆ ئاماژەی بە ئامرازی ئەلیکترۆنی دابوو هەروەك لە مادده 88 داهاتووە کە (ئەنجام دانی گرێبەست لە ڕێگای تەلەفۆن یان هەر ئامرازێکی تری وەك ئەو بە ئەنجامدانی گرێبەست دادەنرێت لە نێوان ئامادەبووان لەڕووی کاتەوە وە ئەنجامدانی گرێبەستە لە نێوان ئامادەنەبووان لە رووی شوێنەوە. بە هەمان شێوە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لە یاسای سەلماندنی عێراقی هاتووە (بۆ دادوەر هەیە سود لە ئامرازی پێشکەوتووی زانستی وەرگرێت بۆ هەڵهێنچانی بەڵگە دادوەریەکانی).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (3)، جۆزەردان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-1 کێشە یاساییەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی:**

زۆر کێشەی یاسایی هەن کە ڕووبەڕووی بازرگانی ئەلیکترۆنی دەبنەوە وەك: ناردنی زانیاریەکان چونکە دەبێت ئەو زانیاریانە پارێزراو بن ، هەروەها لە کاتی پارەدان بە شێوازی ئەلیکترۆنی زۆرجار کێشەی تر کە ڕووبەڕووی بازرگانی ئەلیکترۆنی دەبێتەوە ، یەکێکی تر لە کێشەکان کە ڕوو بەڕووی بەکاربەر دەبنەوە لە بازرگانی ئەلیکترۆنی بریتیە لە ناراستی زانیاریەکان کە بۆ بەکاربەر خراوەتە ڕوو لە ڕێگای ئەلیکترۆنیەوە یان زۆر جار خاوەنی کاڵاکە یان خزمەتگوزاریەکە دیار نیە، زۆرجار لە بازرگانی ئەلیکترۆنی کێشەی تەکنەلۆجی ڕوودەدات وەك بوونی کێشە لە ئامێرەکان وەك ئامێری کۆمپیوتەر یان خزمەت گوزاری ئینتەرنێت، زۆرجار کێشە ڕوودەدات بە هۆی ئەوەی بەکاربەر ناتوانێت پێش ئەوەی کاڵایەکە یان خزمەتگوزاریەکە بکرێت تاقی بکاتەوە دەستی لێبدات دواتر ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی کاڵایەکە یان خزمەتگوزاریەکە بەدڵی نەبێت، یان ئەو کەل و پەلە دوا دەکەوێت لەگەیشتن ڕەنگە لە هەندێك باردا کەل و پەلەکە زۆر تاخیر بگاتە دەستی بەکاربەر چونکە وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە بازرگانی ئەلیکترۆنیدا نایەتەدی بۆیە دەکرێت سەرەتا گرێبەستەکە ببەسترێت دواتر قۆناغی پێدانی کاڵاکە یان خزمەتگوزاریەکە دەست پێدەکات. یەکێکی تر لە کێشە هەرە گەورەکان کە ڕوو بەڕووی بازرگانی ئەلیکترۆنی دەبێتەوە بریتیە لە نەگونجانی یاساکان لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی کە لەبواری بازرگانی ئەلیکترۆنی ڕوودەدەن چونکە ڕۆژ بەڕۆژ جیهان لە پێشکەوتندایە لەو بوارە وەك نەبوونی یاسایەکی تایبەت بۆ پاراستنی بەکاربەر لە بازرگانی ئەلیکترۆنی لە هەندێك وڵاتدا یان نەبوونی یاسایەکی تایبەت دەربارەی بازرگانی ئەلیکترۆنی کە کاروبارەکانی ئەم جۆرە بازرگانیە ڕێکبخات بە شێوەیەکی فەرمی،یان هەبوونی یاسای تایبەت بەم جۆرە بازرگانیە بەڵام گۆرانکاری تێدا ناکرێت لەگەل پێشکەوتنی ئەم جۆرە بازرگانیە، باشترین ڕێگاش بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بریتیە لە پێشخستنی یاساکان لەگەل پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا.

**3-1 سودەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی**

بازرگانی ئەلیکترۆنی بۆ بازرگانان و بەکاربەرانیش لە هەمان کاتدا سودی دەبێت لە چەندین خاڵ، بۆنمونە وەك:

1. یەکێك لە باشیەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی ئەوەیە دەتوانی زۆر بە خێرایی ئەو شتە بدۆزیەوە و بیکری کە دەتەوێ لە ڕێگای تەکنەلۆژیاو ئەلیکترۆنیەوە بەبێ ئەوەی بە پرۆسەیەکی قۆرسدا تێپەربیت پێویست بە گەران ناکات ئەو جۆرە کاڵایەی کە دەتەوێ دەستت کەوێ دەتوانی لە ڕێگای ئەلیکترۆنی بیدۆزیەوە.

2. بازرگانی ئەلیکترۆنی زۆرجار سنوری جوگرافیا دەبڕێت لە هەر شوێنێکی جیهان ئەو بەرهەمەی دەتەوێ دەستت بکەوێت دەتوانی بیدۆزیەوەو بیکریت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (3)، جۆزەردان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. بە ئاسانی ئەتوانی باشترین جۆری کاڵا و بەرهەم یان خزمەتگوزاری بدۆزیەوە لە رێگای ئەلیکترۆنی ئەوەش وادەکات کۆمپانیا گەورەکان بکەونە پێشبرکێ و گرینگی بە جۆریەتی و چەندیەتی کاڵاکانیان بدەن.

سەرەرای ئەو سوودانەی سەرەوە سوودی تریش زۆرن بۆ بازرگانی ئەلیکترۆنی وەکو گەرانەوەی کات بۆ بەکاربەر هەروەها بۆ کۆمپانیاکان وادەکات کاڵایەکە یان خزمەتگوزاریەکە نرخەکەی هەرزانتر ڕاوەستێت لەسەری چونکە زۆرجار تکلیفی دابەشکردن و گەرانەوەی ناکەوێتە ئەستۆ تەنیا بەرێوەبردنی کارەکانی فرۆشتنی کاڵایەکە یان خزمەتگوزاریەکە دەگرێتە ئەستۆ ئەمە سەرەرای ئەوەی کە ئەو کۆمپانیایە دەتوانێت کەل و پەلەکانی نیشانبدات لەسەرجەم وولاتانی جیهان لە رێگای ئەنتەرنێتەوە بەڵام لێرەدا هەوڵمدا ئەو خاڵانە بخەمە بەرچاو کە زۆر زەق و دیارن.

## 4-1 کەم و کوریەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی:

سەرەڕای ئەو سوودانەی کە باسکران لە پێشتردا لە هەمان کاتدا بازرگانی ئەلیکترۆنی کۆمەڵێك کەم و کورتیشی هەیە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. لە بازرگانی ئەلیکترۆنیدا ئەو شتەی دەیکری تەنیا بە چاو دەیبینی ناتوانی دەستی لێبدەی و تامی بکەی و تاقیبکەیەوە بۆیە ڕەنگە لە داهاتوودا کێشەی یاسایی بۆ بەکاربەر دروست بکات.

2. کێشەی متمانەو دەست پاکی: زۆرجار بەکاربەر خاوەنی کاڵا ناناسی یان ناتوانێ ببینی ڕەنگە کەسەکە جێی متمانە نەبێت بە هەمان شێوە لە داهاتوودا توشی کێشە بن.

سەرەڕای ئەو کەم و کوریانەش کەم و کوری تریش هەن وەك ڕەنگە هەموو کەس شارەزایی لە ئەنتەرنێت و تەکنەلۆژیا نەبێت یان رەنگە هەموو کاتێك ئەو ئەنتەرنێتەی تۆ ئەتەوێ بەردەست نەبێت، بۆیە هەروەکو لە سەرەوەش ئاماژەم پێدا بەهەمان شێوە من هەوڵمداوە ئەو خاڵانە بخەمە ڕوو لە کەم و کوریەکان کە زەق و دیارن.

## 5-1 جۆرەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی:

بازرگانی ئەلیکترۆنی چەند جۆریکی هەیە وەك دەکرێت لە نێوان بازرگان و بازرگان بێت (B2B)، بازرگان و حکومەت (B2G)، بازرگان و بەکاربەر (B2C) بەکاربەر و بەکاربەر (C2C).

هەروەك ئاماژەمان پێکرد بازرگانی ئەلیکترۆنی دەکرێت لە نێوان بازرگان و بازرگان (B2B) بێت بۆ نمونە کۆمپانیایەك شت و مەك یان خزمەت گوزاریەك دە فرۆشێت بە بازرگانێکی تر کە ئەوەیان گەورەترین جۆی بازرگانی ئەلیکترۆنیە لە جیهانی ئەمرۆماندا لەبەرئەوەی بە خێرایەکی زۆر زیاتر لە جۆرەکانی تری بازرگانی ئەلیکترۆنی گەشە دەکات ئەوەش بە هۆی ئەوەی بازرگانان هەوڵ دەدەن کات بۆ خۆیان بگەڕێننەوە بۆیە زیاتر پەنا دەبەنە بەر ئامرازی ئەلیکترۆنی بۆ ڕاپەراندنی کارەکانیان. جۆرێکی تر لە بازرگانی ئەلیکترۆنی دەکرێت لە نێوان بازرگان و بەکاربەر (B2C) کە ئەوەیان بەهۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (3)، جۆزەردان 2017
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و خێرایی لە بەکارهێنانی زیاتر پەنا بردنە بەر هێلی ئەنتەرنێت بوویتە یەکێك لە سەرەکیترین جۆرەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی لەو رێگایەوە بەکاربەر دەتوانێت کاڵا یان خزمەتگوزاری لە بازرگان بکرێت لە رێگای بەکارهێنانی کارتی تایبەت لە ڕێگای ئۆنلاین کە بۆ بەکاربەر ڕەنگە ئاسانتر بێت و ببێتە هۆی گەڕانەوەی پارەی ڕێگا بۆی . جۆرێکی تر لە بازرگانی لە نێوان بازرگانان و حکومەت دەبێت (B2G) زۆر جار حکومەت بۆ دابینکردنی کاڵا یان خزمەتگوزاریەك پەنا دەباتە بەر رێگای ئەلیکترۆنی بۆ ئەوەی ئەو کاڵایە یان خزمەتگوزاریەی دەست کەوێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانترین شێوە پێدوایستسەکانی پڕ بکاتەوە. جۆری کۆتایی لە بازرگانی ئەلیکترۆنی بریتیە لە بازرگانی لە نێوان بەکاربەرو بەکاربەر (C2C) لێرەدا بەکاربەر ڕۆڵ دەبینێت وەکو فرۆشیاری کاڵا یان خزمەتگوزاری لە هەمان کاتدا بەکاربەرەکەی تر ڕۆڵ دەبینێت وەکو کریار، لە رێگای ئینتەرنێتەوە بە تایبەتی لەم ساڵانەی دوایدا خەڵك بە هۆی شارەزابوون لە ئامرازی ئەلیکترۆنی زیاتر پەنایان بردۆتە بەر ئەو جۆرە بازرگانیە بۆ فرۆشتی کەلاکانیان یان کرینی کاڵا لە کەسانی تر.

### 1-6 سروشتی یاسایی بازرگانی ئەلیکترۆنی:

هەندێك پێیان وایە بازرگانی ئەلیکترۆنی گرێبەستێکی ڕەزامەندانەیە، لەم جۆرە گرێبەستەدا ڕەزامەندی لایەنەکان بە روکنێکی سەرەکی دادەنرێت واتە بە تەنیا بە بەیەکگەیشتنی (ایجاب و قبول) دروست دەبێت، ئەوانەی پێیان وایە بازرگانی ئەلیکترۆنی گرێبەستێکی ئارەزوومەندانەیە بەڵگەیان ئەوەیە هەرکەسێك بیەوێ لە رێگای ئامرازی ئەلیکترۆنی شت بکرێت ئازادە لە کوێ شتەکەی بەدڵ بوو قبولی ایجابەکە دەکات بۆ نمونە تۆ دەتەوێت تەلەفزیۆنێك بکریت زۆر وێب سایت هەیە لە هەر شوێنێك دانەیەکت بەدڵ بوو دەتوانی قبولی بکەی و بیکری. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکی تر پێیان وایە گرێبەستێکی ناچاریە واتەلێرەدا بەکاربەر بۆی هەیە قبولی بکات یان نەیکات بەڵام ئەگەر قبولی ئەو ئیجابەی کرد کە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە ڕاگەیەندراوە ئەوە واتە ملکەچی هەموو مەرجەکانی پێشکەشکار بووە مەجالی موناقەشەی تێدا نیە، عادەتەن لەم جۆرە گرێبەستدا پێشکەشکار لە مەرکەزێکی ئابووری بەهێزدایە کە رێ خۆشکەرە بۆ سەپاندنی مەرجەکانی و ئەو بابەتەی کە پێشکەشی دەکات پەیوەندیدارە بە لایەنێکی هەرە گرینگی ژیان کە قورسە بەکاربەر بتوانێت دەست بەرداری بێت، ئەوانەی دەڵێن بازرگانی ئەلیکترۆنی گرێبەستێکی ناچاریە بەڵگەیان ئەوەیە تۆ کاتێك دەتەوێ شتەك بکریت ناتوانی گفتوگۆ بکەیت یان قبولی دەکەیت یان نا، ئەگەر قبولی بکەیت ناچاری ملکەچی سەرجەم مەرجەکان بیت. لێرەدا پەسەندی بۆچوونی یەکەم دەکەین کە دەڵێت بازرگانی ئەلیکترۆنی گرێبەستێکی ڕەزامەندانەیە لەبەرئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەبینین کە مرۆڤەکان ئازادن کامە وێب سایت یان کاڵا و خزمەتگوزاری هەڵدەبژێرن بۆ کڕینیان بەکامە نرخ دەیانەوێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان جا چ لە رێگای ڕاستەوخۆوە بێت یان لە رێگای ئەنتەرنێتەوە بێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (3)، جۆزەردان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەصل وایە لە رێسای گشتی گرێبەست دەگەرێتەوە بۆ ئازادی لایەنەکان بە پێی پرنسیپی (عقد شریعە المتعاقدین) کە ئەو پرنسیپە واتە ویستی کەسەکان سەرچاوەی دروست بوونی ئەو ئەرکانەیە کە دروست دەبێت لەسەر شانیان. ئەگەر گرێبەستی بازرگانی ئەلیکترۆنی بە گرێبەستێکی ڕەزامەندیانەمان دانا کەواتە بۆ بەکاربەر هەیە پاشگەز ببێتەوە کاتێك بینی ئەو زانیاریانەی کەلەسەر کاڵاکە هەبوو وادەرنەچوو کە لەرێگای ئەلیکترۆنیەوە بینی بووی، هەروەك لە برگە (2)ی ماددە (6)ی یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقی ژمارە (1)ی ساڵی (2010) هاتووە (بۆ بەکاربەر یان هەر خاوەن بەرژەوەندیەك هەیە لەکاتی نەگەیشتن بەو زانیاریانەی کە لەو مادەیەدا هاتووە بۆی هەیە کاڵایەکە بەشێوەیەکی گشتی یان بەشێکی بگەرێنێتەوە بۆ پێشکەشکار وە داوای قەرەبوو بکات لەبەردەم دادگا بۆ ئەو زەرەرەی کە بەر خۆی یان سامانەکەی کەوتووە). بە پێچەوانە ئەگەر بێت و گرێبەستی بازرگانی ئەلیکترۆنی بە گرێبەستێکی ناچاری دانرا لێرەدا دەبێت بەکاربەر بپارێزرێت لە مەرجی تەعەسوفی لەلایەن پێشکەشکارەوە هەروەك لە یاسای عێراقی هاتووە بۆ دادوەر هەیە لە کاتی بینینی مەرجی تەعەسوفی هەمواری ئەو مەرجە بکاتەوە، هەروەها لەکاتی هەبوونی دەستەواژەیەکی ناڕوون ئەوە دادوەر ڕوونی دەکاتەوە لە بەرژەوەندی بەکاربەر.

## بەشی دووەم

### پاراستنی یاسایی بەکاربەر

بەکاربەر بریتیە لەو کەسەی کە هەڵدەستێت بەکرینی کاڵا یان خزمەتگوزاری بۆ بەکارهێنانی کەسی خۆی نەك بۆ دووبارە فرۆشتنەوەی یان بەکارهێنانی لە بواری پیشەسازیدا، بۆیە دەکرێت بڵێین بەکاربەر ئەو کەسەیە کە خاوەن بریارە ئەتوانێت خۆی بریار بدات بە کڕینی یاخود نەکڕینی ئەو کاڵایە یان خزمەت گوزاریە، کە لێرەدا مەبەستمانە لە رێگای ئەنتەرنێتەوە ئەو هەڵس و کەوتە ئەنجام بدات. ئەگەر سەیری یاسای شارستانی عێراقی بکەین دەبینین بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ (چمنی) رێگای بە گرێبەستی ئەلیکترۆنی داوە لە چوارچێوەی بازرگانی ئەلیکترۆنی کاتێك کە لە ماددەی (88) دەڵێ (بەستنی گرێبەست لە رێگای تەلەفۆن یان هەر ئامرازێکی تری پەیوەندیکردن هەژماردەکرێت بە ئەنجامدانی گرێبەست لە نێوان ئامادە نەبووان لە ڕووی شوێن و ئامادەبوون لە ڕووی کات) بەڵام ئەم یاسایە هەڵنەستاوە بە ڕێکخستنی هەموو ووردەکاریەکی بەستانی ئەو جۆرە گرێبەستە ڕەنگە دەرچوونی ئەو یاسایە لە ساڵی (1951) هۆکارێك بێت بۆ ئەو ڕێك نەخستنە چونکە ئەوکات ئامرازە ئەلیکترۆنیەکان وەك ئێستا بوونی نەبوو بە تایبەتی بوونی تۆڕی ئینتەرنێت. بەڵام ئەگەر بێت و سەیری یاسای واژووی ئەلیکترۆنی و کاروباری ئەلیکترۆنی عێراقی ساڵی 2012 بکەین دەبینین لەو یاسایە زۆر بەڕوونی پێناسەی گرێبەستی ئەلیکترۆنی کردووە هەروەك لە مادە (1) برگە (11) هاتووە (بریتیە لە بەیەکگەیشتنی ئیجابی دەرچوو لەیەکێك لە لایەنەکانی گرێبەست بە قبولی لایەنی بەرامبەر لە ڕێگای ئامرازی ئەلیکترۆنی) ئەوەش واتای ئەوە دەگەیەنێ ئەو یاسایە بۆ ئەوە دەرچووە کە بەکاربەر و فرۆشیاریش بپارێزێت لە مەترسی سەرپێچی یاسایی. بێ گومان بە بەراورد کردنی یاسای عێراقی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (3)، جۆزەردان 2017
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاسای ئەنسیتراڵ و یاسای ئەوروپی دەتوانین بە ئاسانی سەرجەم لایەنە هاوشێوەو جیاوازەکانی نێوان ئەم یاسایانە بخەینە ڕوو بەمەش رێ خۆشکەر دەبێت بۆ دەست نیشان کردنی کەم و کوریەکان و لایەنە پۆزەتیفەکان.

## 1-2 پاراستنی بەکاربەر لە یاسای ئەنسیترال:

ئەنسیترال (Model Law) دەبارەی بازرگانی ئەلیکترۆنی هیچ دەقێکی تێدا نیە کە پەیوەندیدار بێت بە پاراستنی بەکاربەر لە بازرگانی ئەلیکترۆنی دا هەر وەك لە مادده (1)ی ئەم یاسایەدا هاتووە دەبارەی دیاریکردنی چوارچێوەی جێ بەجێکردنی یاساکە (ئەم یاسایە جێ بەجێ دەبێت لەسەر هەموو جۆرە نامەی زانیاری کە بەکاربێت بە شێوەی چالاکی بازرگانی بێ بەپێی ئەم یاسایە) کەواتە ئەم یاسایە باسی پاراستنی بەکاربەر ناکات هەروەك چون لە پەراوێزی یاساکە هاتووە (ئەم یاسایە هیچ برگەیەك یان بەندێکی تێدا نیە دەربارەی پاراستنی بەکاربەر) بۆیە هیچ پێناسەیەکی تێدا نیە بۆ بەکاربەر . بەڵام لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە باشە بۆچی ئەنسیتراڵ هیچ برگەیەکی تێدا نیە دەربارەی پاراستنی بەکاربەر؟ یان بۆچی هەڵنەستاوە بە رێکخستنی پاراستنی بەکاربەر؟ لێرەدا ئەگەر سەیری یاساکە بکەین دەبینین هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بە ئامانجی دەرچوونی ئەم یاسایە دەکات دەڵێت یەکێك لە ئامانجەکانمان ئەوەیە کە هانی ووڵاتانی تر بدەین هەستن بە دانانی یاسایەك دەربارەی پاراستنی بەکاربەر بە شێوەیەك بگونجێ لەگەڵ ئەو یاسایەو یاسا پێشکەوتووەکان. کەواتە ئەو بوارەی بۆ خودی ووڵاتەکان خۆیان جێهێشتووە تاوەکوو بە پێی پێداویستی و بارودۆخی ئەو ووڵاتە هەستن بە رێکخستنی بازرگانی ئەلیکترۆنی و دانانی یاسایەك دەربارەی بازرگانی ئەلیکترۆنی و پاراستنی بەکاربەر لەم جۆرە بازرگانیە، یەکێکی تر لە هۆکارەکان ئەوەیە کە ئەنسیترال یاسایەکی جیهانیە بۆیە زۆرجار لایەنەکان کاتێك یاسای جێ بەجێکار دیاری دەکەن دەتوانن یاسای تر دیاری بکەن لەبری ئەو یاسایە دەربارەی پاراستنی بەکاربەر.

## 2-2 پاراستنی بەکاربەر لە یاسای ئەوروپی:

بە پێچەوانەی ئەنسیتراڵ بە هۆی ئەو پێشکەوتنە زۆرەی کە لە ووڵاتانی ئەوروپی ڕوویداوە بە تایبەتی لە رووی بازرگانی ئەلیکترۆنی، یاسا ئەوروپیەکان بەردەوام هەوڵی ئەوەیانداوە کە باوڕ و متمانە لە نێوان بازرگانان و بەکاربەران دروست بکەن بۆ ئەوەی زیاتر هانیان بدات بۆە ئەنجامدانی کاری بازرگانی لە رێگای ئەلیکترۆنیەوە. واتە یاسا ئەوروپیەکان بەشێوەیەکی باش هەستاون بە رێکخستنی بازرگانی ئەلیکترۆنی و پاراستنی بەکاربەر لەم جۆرە بازرگانیە، ئەویش لە رێگای دەرچوونی چەندان یاسای پەیوەندیدار بە بازرگانی ئەلیکترۆنی واتە رێکخستنی سەرجەم بوارەکان لە بواری بازرگانی ئەلیکترۆنی بۆ نمونە دەرچوونی رێنمایی 31/0200 تایبەت بە کێشە دیاریکراوەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی (The Directive 2000/31/EC on certain issues of e-commerce) هەروەها دەرچوونی رێنمایی جیا جیا تایبەت بە پاراستنی بەکاربەر وەك پێدانی زانیاری بە بەکاربەر پێش بەستنی گرێبەستەکە وەك: ناسنامەی پێشکەشکار و شوێنی جوگرافیەکەی، هەروەها تێچووی شتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (3)، جۆزەردان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرهەم هاتووەکە یان خزمەتگوزاریەکە و ئەو باجەی لەسەری دانراوە ئەمانە هەمووی رێکخراوە لە رێگای رێنمایەکانی (Directives 2000/31/EC , 2006/123/EC، /EC83/2011/)، هەروەها بەیاسا رێکخستنی ئەو مەرج و داواکاریانەی کە دادەنرێت لە رێکای ئەلیکترۆنی لەسەر بەکاربەر ئەویش بە ریگای رێنمایی (Directive 93/13/EC)، هەروەها بەکاربەر مافی هەیە پاشەکشە بکات یان پاریزگاری بکرێت لە کەسی نەناسراو ئەوانەش هەمووی رێکخراوە لە رێنمای ((EC, Directive 2002/58/EC/593/2008. بۆ نمونە ئەگەر بێت سەیری مادده (4) و (5) بکەین لە (Directive 2000/31/EC) دەبینین پابەندی کۆمپانیاو ئەوانەی بازرگانی ئەلیکترۆنی دەکەن کە دەبێت شەفاف بن و زانیاری پێویست بدەن بە بەکاربەر پەیوەندیدار بە شت و مەك و خزمەتگوزاریەك یان شوێنی جوگرافی، هەروەها هەمان یاسا لە مادده (2) برگە (5) بە پێچەوانەی یاسایی ئەنسیترال هەستاوە بە پێناسەکردنی بەکاربەر بەم شێوەیە (بەکاربەر بریتیە لەهەر کەسێکی سروشتی کە هەستێت بە ئەنجامدانی هەڵسوکەوتێك لە دەرەوەی کاری بازرگانیەکەی یان پیشەکەی) ئەگەر سەیری بکەین پێناسەیەکی یەکجار گشتگیرە بە جۆرێك هەر کارێك کەسێك هەستێت بیکات لە دەرەوەی چوارچێوەی کارە بازرگانیەکەی خۆیەتی یان پیشەیەکەی ئەو کەسە دەبێت بە بەکاربەر دەبێت وەك بەکاربەر پارێزگاری لێبکرێت. هەروەها ئەگەر بێت و سەیری رێنمایی ( Directive 2011/83/EU ) دەبینین بە هەمان شێوە لە مادده (6) پابەندی بازرگانی کردووە کە دەبێت ئەو زانیاریانە بە بەکاربەربدات پێش بەستنی گرێبەستەکە وەك (ناسنامەی بازرگان، شوێنی بازرگانیەکەی، تایبەتمەندی شت و مەکەکە یان خزمەتگوزاریەکە، شوێنی سەرەکی بازرگانی کردنی بازرگان ئەگەر جیاواز بوو لەگەڵ شوێنی جوگرافیەکەی، نرخی گشتی کەل و پەلەکە یان خزمەتگوزاریەکە، چۆنیەتی دانی پارەکە و گەیشتنی کەل و پەلەکە، ئەو حالەتەی کە بۆ بەکاربەر هەیە پاشەکەشە بکات، ...) هەروەها رێنمایی تایبەت بە پاراستنی نهێنی پەیوەندیکردن و ئاسایشی نێت ( Network Security, Confidentiality of Comunication). هەروەها لە مادده (4) پێشکەشکاری پابەند کردووە کە ئاسایشەکی باش دابین بکان بۆ بەکارهێنانی نێتۆرکەکە و رێگای نیشان بدات چۆن هەنگاوەکان دەگرێتەبەر تاوەکو تووشی سەرلێشێواوی نەبێت لەبەکارهێنانی، هەروەها لە مادده (5) پێشکەشکاری پابەندکرددوە خزمەتگوزاری یان شت و مەکەکەی کردووە کە دەبێت زانیاریەکان پارێزراو بن نهێنیەکان نابێت بڵاو ببێتەوە. بە هۆی ئەو پێشکەوتنانەی کە جیهان بە خۆیەوە بینیوە بە تایبەتی ئەم سەردەمە کە سەردەمی جیهانگیریە بۆیە ئەوروپا بەردەوام هەوڵی داوە لەو پێشکەوتنانە دانەبرێت.

### 3-2 پاراستنی بەکاربەر لە یاسای عێراقی:

ئەگەر بێت و سەیری یاسا عێراقیەکان بکەین لە دوای (2003)ەوە پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینیوە ئەویش بە هۆی ئەو گۆرانکاریانەبوو کە بەسەر بارودۆخی ناوچەکەو جیهانەوە هات بۆیە عێراقیش نەیتوانی خۆی لەم گۆرانکاریانە بەدوور بگرێت هەر بۆیە بەهۆی پێشکەوتنی بوارەکانی بازرگانی و تەکنۆلۆجیا چەندان یاسای نوێ لە عێراق دەرچوون و چەندی تریش ئامادەکراون بۆ ئەوەی تاوتوێ بکرێن بۆ نمونە دەرچوونی یاسای (واژووی ئەلیکترۆنی و کاروباری ئەلیکترۆنی ، یاسای پاراستنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (3)، جۆزەردان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکاربەر، یاسای قەدەغەکردنی پێشبرکێی ناڕەوا، یاسای ناوبژیوانی(کە تا ئێستا لە پەرلەمانە بۆ ئەوەی تاوتوێ بکرێت))، بۆیە بە ڕوونی تێبینی دەکرێت کە عێراقیش چەند هەنگاوێکی ناوە هەرچەندە لە ئاستی پێویست نەبووە یان هەندێ جار یاساکان دوا دەکەون، بۆیە ئەگەر بێت لە ڕوانگەی پاراستنی بەکاربەرەوە سەیری بکەین دەبینین دەرچوونی یاسای پاراستنی بەکاربەر ژمارە (1)ی ساڵی (2010) لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی عێراقی لە 2010/2/8 هەنگاوێکی گرنگ بوو لە مێژووی یاسا عیراقیەکان، یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقی بە پێچەوانەی یاسای ئەنسێترال هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی کارەکانی پەیوەست بە پاراستنی بەکاربەر هەروەك لە ماددەی (1) برگە (5) پێناسەی بەکاربەر دەکات (بریتیە لە کەسێکی سروشتی یان مەعنەوەی کە هەستێت بە کرینی کاڵا یان خزمەتگوزاری بە مەبەستی سود وەرگرتن لێیانەوە). ئەم پێناسەیە لە هەندێك رووەوە فرەوانترە لە یاسای ئەوروپی بۆنمونە لە یاسای ئەوروپی دەڵێت بەکاربەر بریتیە لە هەرکەسێکی سروشتی بەڵام لە یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقی دەڵێت بریتیە لە هەرکەسێکی سروشتی یان مەعنەوی کەواتە یاسای عێراقی ئاماژەی بە کەسی مەعنەویش داوە، بەڵام ڕەنگە لە ناحیەی پراکتیکی هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆیان نەبێت چونکە کەسی مەعنەوی کەسایەتیەکی گریمانەیە کە ناتوانێت ویستی خۆی دەربرێت بۆیە ئەوەی ویستی کەسی مەعنەوی دەرئەبرێت بەردەوام بریتیە لە کەسی سروشتی.

هەروەها بە هەمان شێوەی یاسای ئەوروپی ماددە (6) لە یاسای پاراستنی بەکاربەر پابەندی پێشکەشکار كردووە كە دەبێت هەموو زانیاریەك لەسەر كاڵا یان خزمەتگوزاریەكە بە بەكاربەر بدات بە شێوەیەكی فەرمی و بەکاربەر مافی ئەوەی هەیە نرخی کاڵا و مێژووەکەی و گرەنتی کاڵاکە بزانێت، لەبرگە (2)ی هەمان ماددە ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر بێت و بازرگان یان پێشکەشکار ئەو ئەرکانەی سەرەوەی خۆی جێبەجێ نەکرد ئەوە بەکاربەر بۆی هەیە کەل و پەلەکە بگەڕێنێتەوە. لە یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقی سزاش دیاری کراوە بۆ پێشکەشکاری کاڵا لە کاتی پابەند نەبوونی بە یاساکە کە دەکرێت سزا بدرێت بە پێبژاردن یان بەند کردن. بەڵام یاسای عێراقی بە پێچەوانەی یاسای ئەوروپی پابەندی پێشکەشکاری کاڵا یان خزمەتگوزاری نەکردووە کە دەبێت شوێنە جوگرافیەکەی بۆ بەکاربەر بخاتەڕوو، هەرچەندە ئەمە دەکرێت وەکو ڕەخنەیەك ئاراستەی یاسادانەری عێراقی بکرێت بەڵام ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت ئەوڕوپا لە چەند وڵاتێك پێك دێت بەڵام یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقی تەنیا بۆ ناوخۆی عێراق دانراوە هەرچەندە ئەوە نابێتەهۆی بیانوێکی گونجاو بەدەست یاسادانەری عێراقیەوە. لە چوارچێوەی ئەو گۆرانکاریانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد بووە هۆی ئەوەی یاسای کاروباری ئەلیکرۆنی و واژووی ئەلیکترۆنی لە عێراق دەربچێت بە ژمارە 78 لە ساڵی 2012 ئەم یاسایە بووە هۆی ئەوەی دان بە ئەنجامدانی کاروبارەکان بکات بە شێوەیەکی ڕوون لە ڕێگای ئەلیکترۆنیەوە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە هیچ یاسایەك نەبوو کە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا باسی ئەنجامدانی گرێبەستی ئەلیکترۆنی بکات بێگومان بازرگانی ئەلیکترۆنی بەشێکی هەرسەرەکی ئەم جۆرە گرێبەستە پێك دێنێت هەروەك لە ماددە (18) برگە (1) دەڵێت (دەکرێت بەیەکگەیشتنی ایجاب و قبول بێتەدی لەرێگای ئامرازی ئەلیکترۆنیەوە). هەرچەندە ئەم یاسایە لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە دەکات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزیی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- كوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (3)، جۆزەردان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

كە هۆكاری دەرچوونی ئەم یاسایە ئەو پێشكەوتنە تەكنەلۆجیاییە كە لە جیهان هاتوتە دی بەڵام یاساكە پێویستە زیاتر خۆی لەگەڵ ئەو پێشكەوتنانە بگونجێنێت رێنمایی زیاتری بۆ دەرچێت بە تایبەتی دەربارەی ئەنجامدانی بازرگانی ئەلیكترۆنی بە شێوەیەكی سەربەخۆ وەكو یاسای ئەنسیتراڵ و یاساكانی ئەوروپا چونكە ئەو یاسایە رێگای داوە بە ئەنجومەنی وەزیران پەیرەو دەربكات یان وەزیر رێنمای دەربكات بۆ ئاسانكاری جێبەجێكردنی ئەم یاسایە.

## دەرئەنجامەكان

لەكۆتایی توێژینەوەكەماندا گەیشتین بە چەند دەرئەنجام و پێشنیارێك بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1. پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا هۆكارێكە بۆ پێشكەوتنی بوارەكانی بازرگانی بۆ نمونە پەیدابوونی كۆمپیوتەر هەنگاوێك بوو لە بەرەو پێشچوونی بواری تەكنەلۆجیا دواتر پەیدابوونی هێڵی ئەنتەرنێت وای كرد كە بتوانرێ لە رێگای كۆمپیوتەر یان تەلەفۆن بتوانی كاری بازرگانی ئەنجام بدەی پەیوەندی بە دونیای دەرەوە بكەی ئەمانە هەمووی هۆكاری دەرچوونی یاسا جۆربەجۆرەكان بوون بۆ رێكخستنی بوارەكانی بازرگانی ئەلیكترۆنی و پاراستنی بەكاربەر لەم جۆرە بازرگانیە.

2. زیادبوونی ژمارەی بەكاربەر كە پەنادەبەنە بەر ئامرازی تەكنۆلۆجیا لە ووڵاتان بە شێوەیەكی بەردەوام وای لە وۆلاتان كردووە كەبەردەوام بیر لەوە بكەنەوە باشترین یاسا دەربكەن بۆ ئەوەی بتوانن بە باشترین شێوە كارەكانی بازرگانی ئەلیكترۆنی رێك بخەن بە شێوەیەك مافەكانی بەكاربەر تێدا بپارێزرێت دەرچوونی یاسای ئەنیستراڵ لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكان هۆكارەكی هەرە گرینگ بوو كە هانی ووڵاتان بدات بە تایبەتی ووڵاتە دواكەوتووەكان كە یاسای گونجاو دەربكەن بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ برگەكانی ئەم یاسایە تایبەت بە بازرگانی ئەلیكترۆنی.

3. ئەگەر سەیر بكەین لە دوای ساڵی (2003)ەوە یاسا عێراقیەكان بەرەو پێشچوونیان بە خۆیانەوە بینیوە وەك دەرچوونی یاسای پاراستنی بەكاربەر ژمارە (1)ی ساڵی (2010) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كەم و كوری یاسایی بەدی دەكرێت بە تایبەتی لە بواری بازرگانی ئەلیكترۆنی و پاراستنی بەكاربەر لەم جۆرە بازرگانیە بەهۆی نەگونجانیان لەگەڵ پێشكەوتنەكانی بواری تەكنەلۆژیا.

4. یاسای ئەوروپی و یاسای ئەنسیتراڵ بە بەراوردكردن لەگەڵ یاسایی عێراقی زۆر پێشكەوتوو ترن ئەوەش بە هۆی بەرەو پێش چوونی زیاتر و خێراتر لە ولاتانی ئەوروپی ژمارەیەكی زۆر لە ووڵاتانی جیهان لە بواری تەكنەلۆجیا و بازرگانی ئەلیكترۆنیدا، هەروەها بە هۆی نەبوونی یاسایەكی تایبەت بە بازرگانی ئەلیكترۆنی و پاراستنی بەكاربەر لەو جۆری بازرگانیە لە عێراقدا بە هەمان شێوەی یاسای ئەوروپی و یاسای ئەنسیتراڵ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (3)، جۆزەردان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێشنیارەکان**

1. پێشنیاردەکەین لە کوردستان و عێراق یاسایەکی تایبەت بە بازرگانی ئەلیکترۆنی و پاراستنی بەکاربەر لە بازرگانی ئەلیکترۆنی دەربچێت بەشێوەیەك سود لەیاساکانی ئەوروپی وەربگیردرێت لەو بوارە چونکە یاسا ئەوروپیەکان لە یاسا هەرە پێشکەوتووەکانن لەم بوارە، هەرچەندە ئەوەی لە ئێستادا هەیە و کاری پێدەکرێت لە عێراق و کوردستان یاسای پاراستنی بەکاربەری ژمارە (1)ی ساڵی 2010 تەنیا لە (18) مادده پێك هاتووە دەکرێت یاسایەکی تر یان بەشێکی تری بۆ زیاد بکرێت تایبەت بێت بە پاراستنی بەکاربەر لە بازرگانی ئەلیکترۆنیدا بۆ زیاتر دەوڵەمەنکردنی یاسایەکە و پرکردنەوەی کەم و کوریەکانی و گونجاندنی لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگاو جیهان.

2. یاسای عێراقی سزای زیاتر بخاتە سەر بازرگانان و ئەو کەسانی کە کاڵا یان خزمەتگوزاری لە رێگای ئەلیکترۆنیەوە پێشکەش دەکەن بۆئەوەی زیاتر متمانە لەلایەن هاوڵاتیان و بەکاربەران دروست بکەین بۆ پەنا بردنە بەر بازرگانی ئەلیکترۆنی بە بێ ترس و دودڵی چونکە ئەو سزایانەی کە لەمادده (10) یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقی هاتووە هەروەك لە پێشتردا باسمان کردووە کە بریتیە لە پێبژاردن یان بەند کردن پێویستە زیاد بکرێت بە جۆرێك پێشکەشکار ڕوو بەڕووی هەردوو سزاکە ببێتەوە لە کاتی پابەند نەبوونی بە یاساکە بەیەکەوە و بڕی سزاکە بەرزبکرێتەوە بۆ هەوڵدان بۆ زیاتر رێگاگرتن لە خەراپ بەکارهێنانی ئامرازی ئەلیکترۆنی بۆ مەبەستی بازرگانیکردن.

3. پێشنیار دەکەین بۆ حکومەتی عێراقی و کوردستانی کە هەستن بە ئەنجامدانی رێککەوتنی دوو لایەنی و هەمەلایەنی لە گەڵ وولاتانی تر بە تایبەتی وولاتانی پێشکەوتوو لەم بوارە، ئەوانەی هاولاتیانی عێراقی زیاتر پەنای بۆ دەبەن بۆ ئەنجامدانی بازرگانی ئەلیکترۆنی چونکە ئێستا بازرگانی ئەلیکترۆنی بویتە بازرگانیەکی جیهانی ئەم جۆرە رێکەوتنانە دەبێتەهۆی پاراستنی بەکاربەری عێراقی و بازرگانانی عێراقی.

4. پێویستە لەسەر یاسادانەری عێراقی یاسای جێبەجێکار دیاری بکات بە شێوەیەکی ڕوون لەکاتی ڕوودانی ململانێ لەو جۆرە بازرگانیە بە هەبوونی لایەنێکی بیانی لە پەیوەندیە یاساییەکە چونکە یاسای عێراقی لەبواری بازرگانی ئەلیکترۆنی هیچ جۆرە قواعدێکی اسنادی تێدا نیە بەڕوونی، هەرچەندە لە برگە (1)ی مادده (25) یاسای شارستانی عێراقی باس لە پابەندی گرێبەستی دەکات و یاسای پێویست بۆ جێبەجێکردنی دیاری دەکات بەڵام ئەوە هەموو لایەنەکی ئەو بازرگانیە رێك ناخات بە تایبەتی دەڵێت ئەگەر شوینی لایەنەکانی گرێبەست جیاواز بوو ئەوە یاسای شوێنی ئەنجامدانی گرێبەست جێبەجێ دەکرێت بەڵام کوا شوێنی بەستنی گرێبەست زۆرجا لە بازرگانیە شوێن هەر دیار نیە کاڵایەکەش ڕاستەوخۆ دەکریت یان بە واتایەکی تر کامە شوێن شوێی بەکاربەر یان پێشکەشکار دەبێتە شوێنی بەستنی گرێبەست، بۆیە پێویستە وەکو ووڵاتانی تر ڕێسایەکی اسناد دیاری بکات بۆ ئەم جۆرە بازرگانیە بە ڕوونی بۆ نمونە هەندێك ووڵات لە بازرگانی ئەلیکترۆنی تایبەتمەندی دەدەن بە شوێنی مانەوەی بەکاربەر بە شێوەیەکی بەردەوام هەروەك لە برگە (2)ی مادده (27) یاسای ئینگلیزی ساڵی (1977)

هاتووە هەروەها ڕێکەوتنامەی ڕومای ساڵی 1980 هەمان شتی دووبارە کردۆتەوە. یان هەندێکی تر لە وولاتان تایبەتمەندی دەدەن بە یاسای باشتر بۆ بەکاربەر واتە کامە یاسا لە بەرژەوەندی بەکاربەر بێت ئەو جێبەجێدەکەن هەروەك لە مادە (41)ی لەیاسای نێودەوڵەتی تایبەتی نەمسا. هەرچەندە لە مادده(30)ی یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (40) ساڵی (1951) دەڵێت (لە کاتی نەبوونی هیچ دەقێك یان یاسایەکی دیاری کرا لە ململانێی نێوان یاساکان ئەو یاسایە جێ بەجێ دەکرێت لە پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت کە لەجیهان پیادە دەکرێت و باوە) کە لێرەدا دەکرێت لێك بدرێتەوە بەوەی یاسایی ئەسێترال دەبێتە یاسای جێ بەجێکار، بەڵام واجاکترە یاسادانەری عێراقی بە دەقێکی تایبەت ئەم بابەتە یەکلای بکاتەوە چونکە هیچ دەقێکی ڕوونی تێدا نیە دەربارەی بازرگانی ئەلیکترۆنی.

5. پێویستە لەسەر حکومەت کاربکات بۆ دابینکردنی هێلی ئەنتەرنێتی گونجاو بە شێوەیەك هەموو هاولاتیەك بتوانێت سودی لێوەربگرێت، وە سانسۆر بخاتە سەر ئەو گروپ و لایانەنانەی کە هەوڵی خەراپ بەکارهێنانی دەدەن.

6. هانی خەڵك بدرێت لە ڕێگای دانانی یاسا بۆ ئەوەی پەنا ببەنە بەر ئەو جۆرە بازرگانیە چونکە سودی هەیە لە چەند بوارێکەوە بۆ وولات لە ڕووی گەراندنەوەی کات بۆ بەکاربەر کەمکردنەوەی چەنجاڵی بازاڕ لە بڕی ئەوەی بەکاربەر لەماڵەوە دەربچێت بە دوای کالایەك بگەرێت لە چەند شوێنێك دەتوانێت بە ئاسانی لە ڕێگای ئەنتەرنێت دەستی بکەوێت.

7. بازرگانی ئەلیکترۆنی پێویستی بە دانای ئەرکی زیاترە لەسەر بازرگانانە وە سزای قورسیان بۆ دابنرێت بۆ ئەو کەسانەی کە هەوڵی ساختەکاری دەدەن لە ڕێگای ئەم جۆرە بازرگانیە وەکو نوسینی پێناسەی کالاکە یان خزمەتگوزاریەکە بە شێوەیەك کە لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێت یان ئەو کەسانەی هەوڵ دەدەن ئەو وێب سایتانە بەکاربێنن لە ژێر ناوی نادیار بۆ ساختکردنەوەی کالاکانیان.

**المصادر:**

⋆ **کتێبەکان**


- القاضي الدكتور موفق حماد عبد، الحماية المدنية للمستهلك في عقود التجارة الالكترونية "دراسة مقارنة"، طبعة الاولى، مكتبة زين الحقوقية والادبية، بغداد، 2011.
- هبة ثامر، عقود التجارة الالكترونية "دراسة مقارنة"، مكتبة السنهوري، طبعة الاولى، 2011،عراق
- باسم محمد قاسم، القانون التجاري، الطبعة الاولى، دار الحكمة، بغداد، 1987.
- Bajaj, Kamlesh-Nag, Debjani, *E*-Commerce-The Cutting Edge of Business, 2nd Edition, Tata McGraw-Hill, India, 2009.

- Manzoor, Amir, E-Commerce-An Introduction, 1st Edition, LAMBERT Academic,
- Publishing, Germany, 2010.
- Anup, K. Ghosh, E-commerce Security, 1st Edition, Published by Wily & Sons. Inc., Canada, Isbn 0-471-19223-6, 1998, P. 101.
- Zhengm, Qin, Introduction to Electronic Commerce, 1st Edition, Tisinghua University Press, China, Isbn 978-7-302-16323-7

⋆ توێژینەوەکان

- Depoina, Anagnostopoulou, E-commerce in International and European Union Law: The Policy of the European Union on Digital Agenda and Strategy 2020,1st Edition, University of Macedonia, Greece, P 8.

* گۆڤارەکان

- Salvatore, Mancuso, Consumer Protection in E-commerce Transactions: a First Comparison between European Law and Islamic Law, Journal of International Commercial Law and Technology Vol.2 , Issue 1 (2007),
- M. M. Lehamann, Electronic Commerce and Consumer Protection in Europe, Santa Clara High Technology Law Journal, Volume 17, Issue 1, Article 3, 1/1/2001
- M , Kavyashree N , Mr S.Jagannath DR. Dharmendra Chahar, Analysis of E-Commerce and M-Commerce: Advantages, Limitations and Security issues, International Journal of Advanced Research in Computer and Communication Engineering Vol. 2, Issue 6, June 2013, p. 2362.
- Dr. C. Eugine Franco, Bulomine Regi. S, Advantages and Challenges Of E-Commerce Customers And Businesses: In Indian Perspective, International Journal of Research-Granthaalayah, Vol.4 (Iss.3: SE): March, 2016, p. 7.

* یاساکان

- یاسای شارستانی عێراقی ژمارە 41 ساڵی 1951.
- یاسای سەلماندنی عێراقی ژمارە (107)ی ساڵی 1979.
- یاسایی ئەنسیترال دەربارەی بازرگانی ئەلیکترۆنی ساڵی 1996.
- یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقی ژمارە (1)ی ساڵی 2010.
- یاسای کاروباری ئەلیکترۆنی و واژووی ئەلیکترۆنی عێراقی ژمارە (78)ی ساڵی 2012.
- Directive 2000/31/EC of the European Parliament and of the Council
- Directive 2002/58/EC of the European Parliament and of the Council
- Directive 93/13/E of the European Parliament and of the Council
- C Directive 2011/83/EU of the European Parliament and of the Council

⋆ ئینتەرنێت

- سایتی فەرمی ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی:
https://www.wto.org/english/tratop_e/ecom_e/ecom_e.htm.
- http://www.investorwords.com/1055/consumer

## Abstract

This paper studies consumer protection in electronic commerce. This research is a comparative study. The core of this subject is that due to the growth of the world in the field of the electronic commerce, and the increment of the volume of e-commerce that is managed through the internet and other electronic means because of consumers resorting to the internet as a source of information, most states enact a law that is suitable with electronic commerce, and enact a law about consumer protection in this field .

This research is divided into two chapters:

Chapter one deals with the introduction to the electronic commerce. It includes the definition, advantages, disadvantaged, types, the problem and legal nature of the electronic commerce .

Chapter two is devoted to the legal protection of the consumer in the electronic commerce. It also includes a comparison between UNCITRAL model law on electronic commerce, European Law, and the Iraqi Law.